# بەسەرپەرشتی شێرزاد فاتح لیژنەی بەرێوەبردنی سەنتەری منالان لە کەرکوك کۆبوونەوەیەکی سازدا



لەسەر داوای شێرزاد فاتح بەرپرسی سەنتەری منالان لە دەرەوەی وولات و بە ئامادوبوونی هەیسەم محمەد بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی 26 دیسمبر و لە نووسینگەی سەنتەری منالان لە کەرکوك بە ئامادەبوونی نزیکەی هەموو ئەندامانی لیژنەی بەرێوەبردنی سەنتەر لە شاری کەرکوك کۆبوونەوەیەك سازدرا.

سەرەتاش لە لایەن شێرزاد فاتح بەخێر هاتنی ئامادەبووان کرا و خۆشحاڵی گەرمی خۆی بۆ بینینی ئەندامان ڕاگەیاند، ئامانج لەم کۆبوونەوەیە بە گشتی بۆ ناساندن ، هەروەها بۆ چۆنێتی کاری ڕێکخراوەیی لەسەر شێوازێکی دیموکراسییانەی سەردەم و کێشەو گرفتەکانی بەردەم ئەم شێوازە لە کارکردن و نەخشەو بەرنامەی کارکردنی سەنتەری منالان ، وە ئاماژەکردن بۆ پرۆژەی سەنتەری منالان"دیموکراسی و مافەکانی منالان، پەروەردەوفێرکردن" کە لەسەرتای سالی 2007 دەستی پێکردووە، بە هاوکاری ڕێکخراوی پالمە سەنتەری سویدی بوو. پاش ناساندنی مێژوویەکی کورتی سەنتەری منالان لە ماوەی 9ی سالْ کارکردنیدا لە پێناوی بەرگری کردن لە مافەکانی منالانی کوردستان و عێراق و کۆمەك و هاوکاری کردنیان، لەم بارەوە چەندین نموونە لەسەر چۆنێتی وشێوازی کاری ڕێکخراوی دیموکراسی ڕێکخراوی سەنتەری منالاندا وە هەروەها چۆنێتی شەفافیەتی کارکردن و ئاوەلاکردنی دەرگای ڕێکخراو بەڕووی کۆمەلگا و هەموو ئەو خەلکانەی کە دەیانەوێت بەرگری لە مافەکانی منالان بکەن، ببن بە ئەندامی سەنتەری منالان یان لەکاری دیموکراسی جەماوەریدا بەشدار و هاوکارمانبن قسەوباسی لەسەر کرا.

پاشان دەرگای باس و گفتوگۆ کرایەوەو زۆرێك لە ئامادەبووان قسەوباس و پرسیاریان هەبوو کە بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە چوار تەوەرەی سەرەکیدا دەبینیەوە، کەم و کوڕی لەبوونی نەخشەیەکی ڕۆشنی کارکردن بە شێوەی دەوری یان مانگانە، خراپی باری ئەمنی شاری کەرکوك کە ڕێگرە لەبەردەم ئەنجامدانی کارو هەلسوڕان و چالاکیەکاندا، هاوکاری نەکردنی دام و دەزگا و دەسەلاتدارانی شاری کەرکوك بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە بەرگری لە مافەکانی منالان یان ژنان و لاوان کاردەکەن و سەر حیزبە دەسەلاتدارەکانی شاری کەرکوك نین، وە یەکێك لە گرفتەسەرەکییەکانیش کێشەی نەبوونی ئیمکاناتی مالییەو بۆ بەڕێوەچوونی کارەکان و خراپی باری ژیان و گوزەرانی ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبردنی سەنتەر لە کەرکوك. ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبردن بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان ناتوانن بەشێوەیەکی بەردەوام کاری خۆبەخشی لەگەلْ ڕێکخراودا بکەن.

هەروەها هەیسەم محەمەد بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی سەنتەری منالان لە قسەوباسێکیدا تیشکی خستەسەر چەندین کێشەو ڕێگری تر لەبەردەم بەرەوەپێش چوونی ئیش و کارەکاندا لە شاری کەرکوك، دوای ئاماژە کردن بۆ کێشەی نەبوونی ئیمکاناتی ماددی وە یەکێك لە فاکتۆرەکان و کێشە سەرەکییەکان ، ووتی بەشێك لەو کێشەو ڕێگریانە لە لایەن خودی دەسەلاتدارانی شاری کەرکووکەوە بۆ ڕێکخراوەکان پێش دێن لەبری هاوکاری کردن. هەیسەم محمەد ماوەی زیاتر لە سالێکە لەگەلْ سەنتەری منالاندا کاردەکات، یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی پرۆژەی سەنتەری منالان بەهاوکاری پالمە سەنتەری سویدی لەکەرکوك، کەسێکی زۆر چالاکە لە هەلسوڕاندنی کاروبارەکانی سەنتەردا لە کەرکوك. بۆ وەلامدانەوەی ئەو گرفتانە قسەوباس و ڕاگۆرینەوەی گەرم لەو بارەوە کران و چەندین پێشنیارو ڕێگاچارە خرانە ڕوو، وە هەندێك لەو کێشانەش پەیوەندی بە لیژنەی بالای گشتی ڕێکخراوی سەنتەری منالانەوە هەیە لە ناوەوەو دەرەوەی وولات کە دەبێ ئەو لیژنەیە وەلام بەو کێشانە بداتەوە، کە کۆبوونەوەی گشتی

سالّانەی سەنتەر کە هیواداریین بتوانین لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا ببەستریّت، تا ڕادەیەکی باش وەلاّمی زۆریّك لە کیّشەو گرفتەکان بداتەوە.




شایانی باسە کە هەموو ئامادەبووان زۆر خۆشحالّی خۆیان دەربڕی بۆ ئەم سەردان و کۆبوونەوەیەوبۆ گفت و گۆ کردن لە نزیکەوە لەسەر کیّشەو گرفتەکان بۆ باشتر بەڕیّوەچوونی ئیش و کارەکانی سەنتەری منالاّن لە پیّناوی خزمەتی زیاتر بۆ چارەسەر کردنی کیّشەکانی منالاّن وبەرگریکردن لە مافەکانیان. شتیّك کە لیّرەدا جیّگەی خۆشحالّی بوو ئەوەبوو کە نزیکەی هەموو ئەو کەسانەی کە ئەندامی لیژنەی بەڕیّوەبردنی سەنتەری منالاّن بوون لە کەرکوك، هەموویان کوڕوکچی لاوبوون و لە زانکۆ یان پەیمانگای کەرکوك دا قووتابی بوون هەرەیك لەوان خاوەنی کۆمەلّیّك پەیوەندی دۆستانەی باش بوون کە ئەمەش فرسەتی کارکردنی زیاتر دەدات لە ناوەندە جیاجیاکاندا.




**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاّن**

27 **دیسمبر** 2007

**کەرکوك**

www.santarimnalan.com